پرفرۆشترین کتێبی ساڵ لە وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

یاساکانی ژیان

THE RULE OF LIFE


richard ten

20677

نووسینی: ڕیچارد تێمپلەر

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئەبوبەکر ئەحمەد خدر

Preview sample - page 1 of 4 - Soran University Academic Digital Library



ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان

بەڕێوەبەری گشتی: نارامی مەلا محەمەد

ناسنامەی کتێب

ناونیشان: یاساکانی ژیان

بابەت: دەروونزانی

نووسەر: ڕیچارد تێمپلەر

وەرگێڕان: وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: ئەبوبەکر تەحمەد خدر

پێداچوونەوە: سەردار حەسەنخالی

پەخشانگە: ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان

ساڵی چاپ: 2019میلادی

نۆرەی چاپ: یەکەم

Preview sample - page 2 of 4 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی:

سەرەتا، لە قوولایی دڵمەوە سوپاسی خودای گەورە و مەهرەبان دەکەم کە وەک هەمیشە هاوکار و هاندەرم بووە لە کارەکانمدا. بێگومان ئەوەی ژیان جوان دەکات، هەبوونی بەرچاوڕوونییە سەبارەت بە ژیان و گوزەران. ژیان هەرچەندە سەخت و دژوار بێت، مرۆڤ نابێ خۆی لە چوارچێوەی نائومێدی و کۆڵیدا ببەستێتەوە، بەڵکو دەبێت لە سەر پێیەکانی بوەستێت و شانبەشانی کێشە و گرفتەکان بجەنگێت، بۆ ئەوەی لەم مەیدانەدا بتوانێت مۆمی بەختەوەری و کامەرانی دابگیرسێنێت.

لە ژیانماندا، ئەگەر خاوەن بیر و بۆچوون و تێڕامانی خۆمان بین و ئەزموونمان بە دەست خستبێت، ئەوە ئاسانتر دەتوانین لە گەڵ ژیان هەڵبکەین و گوزەر بکەین. بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر خاوەنی بیر و ئەندێشەی وورد و درشت نەبین، ئەوە ڕووبەڕووبوونەوەی ژیان کەمێک خەبات و تێکۆشانی دەوێت بۆ گەیشتن بە لووتکەی خۆشی و شادومانی.

ئەم یاسایانە، زۆر گرنگ و ناوازە و مانادارن، هەر یەکێک لەمانە بەرەو دوورگەیەکەی خۆشی و ئاسوودەییمان کەمەندکێش دەکەن، بەڵام تەنیا خوێندنەوەیان گرنگ نییە، ئێمە پێویستە کارێکی ئەوتۆ بکەین کە لە ئاکار و ڕەفتارماندا پڕشنگ بدەنەوە. ببین بە پەیڕەوکاری ئەم یاسایانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ناخۆشی و نەهامەتییەکان و هەنگاونان بەرەو مەنزلگەی بزە و خەندە.

جوانیی ئەم پەرتووکە لەوەدایە کە نووسەر بە سەر چوار تەوەری سەرەکیدا دابەش کردووە، لە تەوەری یەکەمدا، لە گەڵ

Preview sample - page 3 of 4 - Soran University Academic Digital Library

تـۆی بەڕێـز گفتوگـۆ دەکات و دەدوێت. لـە تـەوەری دووەمدا، لە گـەل هاوڕێنەکەی تۆدا قسـە دەکات. لە تەوەری سـێیەمدا، لە گەل خێزانـت و هاوڕێکانتدا کۆمەڵێک شـت تاوتـوێ دەکات. لە تەوەری چـوارەم و کۆتایـی، بـاس لـەو جێگـە و پێگەیـە دەکات کـە تێیدا چـاوت بە ژیان هەڵهێنـاوە، باس لە دەوروبـەرت دەکات، ئاخۆ لەو کۆمەڵگەیـەی کـە تـۆ تێیدا دەژیـت، دەبێ چی بکەیت و چی باشـە. بێگومـان ئـەم یاسـایانە خاوەن بەهـا و بایەخی خۆیانـن، دەکرێت تـۆ وەکـو خوێنـەر جێگـەی ڕەزامەنـدی دڵـت بـن و بیانکـەی بە پێشـەنگی ژیانـی خـۆت. دەشـکرێت تێبینیت لە سـەریان هەبێت و دانـت لـە گەڵیانـدا نەکولێـت، بـەڵام بە شـێوەیەکی گشـتی ئەگەر ئێمـە وەکـو خوێنەر ئەم یاسـایانە بـە وردی بخوێنێنـەوە و لێیان تێبگەیـن، پاشـان پەیڕەویان بکەیـن، ئەوە دڵنیا بە کەسـێکی کراوە و تێگەیشـتوو و پێگەیشـتوومان لـێ دروسـت دەبێت و هەمیشـە هەسـت بـە ئەرێنییـوون دەکەین. بێگومـان تەنیـا پەرتووکی خودا بـێ خـەوش و کەموکوڕییـە، بۆیە لـە سـەروبەندی خوێندنەوەی ئـەم پەرتووکـەدا ئەگەر هەر سـەرنج و تێبینییەکتـان هەبوو، ئەوە دەتوانـن ڕاسـتەوخۆ لـە ڕێگەی ئەم ژمـارەی خـوارەوە ڕەخنە و پێشـنیازەکانتانمان بـە دیـاری بـۆ بنێـرن بـۆ ئـەوەی بتوانین لە داهاتووتـدا کاری نـاوازە و جوانتر پێشـکەش بە ئێـوەی خوێنەری هێـژا و خۆشەویسـت بکەین.

(٠٧٥٠١٩٤١٩٩٥).

وەرگێڕ: نەبوبەکر نەحمەد خدر
قەڵادزێ - پشدەر (٢٤-٦-٢٠١٨)

Preview sample - page 4 of 4 - Soran University Academic Digital Library